www.kurdistannet.org
6-1-2003 22:18

# تاعونی تورانیزم و
# گرفتی وەرگرتنی تورکیا لە یەکیتی ئەورووپیدا

## ئەنوەر محەمەد ئەحمەد

لە کاری بیناسازیدا، بە تایبەتی جیگیرکردنی، (سینک) یان برغویەکداکە بۆ هەڵواسینی کەلوپەلی قورس بەکار دەبرێت، مرۆ پێویستی بە پارچەیەک پلاستیکی درێژکۆلەی پەراسووداره کە پاش لە کون نانی چەویەکە، برغوەکەی تێدا بادەدرێت و قایم دەکرێت. چچەویەکەش و چبرغوەکەیش بە هاسانی دەخرێنە ناو کونەوە بەڵام دەرهانینەوەی برغوەکە کەکارێکی زۆر دژوار نییە، لێ، دەرهانینەوەی (چەوی) مکە کارێکی دژوارە و خەسارەت لە پاش خۆی جێدێڵیت!. چونکەی، لە ساتی دەرهانین و ڕاکێشاندا، دیواری کونە کە، بریندار دەکات و دە ڕوشێنێ. کونەکە گەورەو بێکەڵک دەکات ! ئیدی ئەگەر هەر ئەو کونە، بە چێمە نتو، گەچ، قسل، پڕ نەکرێتەوە و ماوەیەکیش لەسەر وشک بونەوە و خۆشە بونی زامی ناو دیوارەکە نەوەستین، ئەوا ئەو کونە بریندارو هەڵوەشاو و داوەشاوە، دەرمانکراوە! کەڵکی کاری نییە و سودبەخش نایێت. چونکەی وەکو ئاماژەمان پێکرد، لە کاتی بە دژواری و بە زۆر دەرهانینی (چەوی) یەکەدا، هەناوی کونی دیوارەکە، هەنجن هەنجن و زامدار بووە!

دەکرێ دژەکردەوەی هاتنە ناوەوەی قەومی (تورک) ، کە ڕەوەندەکانی تەتەر و مەغۆل و هۆلاکۆن، لە کۆتایی هەزارەی یەکەمدا (٩٧٠!) ، بۆ سەر ڕۆژهەڵاتی ناوین و ئەوجا بۆ کوردستان، چەندین سەدەی دەستەڵاتی عوسمانییەکان. داگیرکردنی شاری (کۆنستانتینپۆلۆس) ی کریکی و گۆڕینی بە ئیستانبوڵ. جێگیربوونی تورکان لە دۆرگەی قوبرس و لە ساڵی ١٩٧٤ دا داگیرکردنی نیوەی و یان جێگیربوونی تورکان لە وڵاتانی بولگاریا و هێرتسیکۆڤینایش، تەنانەت ڕەویان بۆ وڵاتانی ئەورووپایش وەک کرێکاری مێوان ! بەو دژەکرداری (چەوی) یە بچوێنرێت! بە کورتی و کرمانجی، قەومی تورک کە چونە جێیەک، ئیدی یان دەبنە برابەش یانیش خاوەنی ڕەسەنی ئەو جێیە. ئیدی، بە قەولی پێشینان، دەبا خەڵکانی دی، سیر بخۆن و زوڕنایش لێدەن. بە بێدەمارگرژی، ئەگەر چاوێک بەدێرۆکی ڕەوی تورکاندا بە جیهاندا بخشێنین (وەک چۆن لە سەرێڕا بە کورتی و پوختی ئاماژەمان پێکردووە) ئەوا دەردەکەوێ کە هەمیشە، لە سەر حیسابی ئابووری. کولتوری و زمان و ژێدی گەلانی دی، خۆیان پێگەیاندووە و ژیاون و دەژین. بۆ نمونە : ئەگەر وڵاتانی ئەورووپی، لە نییەت باشیان لە هەمبەر بیانییەکاندا و بۆ ڕاژە بە بیانی، کێکیک بۆ خواردن دروست بکەن و بیدەنە خەڵکانی بیانی لە وڵاتەکەیاندا، ئەوا تورکان بە تەنیا ئەگەر سێ بەشی ئەو کێکە نەخۆن، بێشک نیوەی لوش دەفەرموون ! ئەمەیش، بە تایبەت لە وڵاتی ئەڵمان و هۆڵەندا وەهایە. ئەمن دەیڵێم و بێباکم! : تورکان، ئەگەر بە میوانداری چونە جێیەکی ئەوا بە خاوەندارێتی و یانیش برابەشی دەچنە دەرێ. جەختی ئەم ڕایەی منیش هێندە ڕوونە کە جێی بوختان ناهێڵێتەوە. پێیدەوێ کە سەرانی کورد لە باشووری کوردستاندا، لە هیچ هەڵەیەک ئەزمۆنیان وەرنەگرتێیت، دەنا بە پارەو هاوکاری کورد خۆی، لە شاری هەولێرو لەوەیش سەمەرەتر لە شاری سلێمانیدا، لە هیچ تورانی و تورکمانیان دروست نەدەکرد. جا با ببینین کە لە داهاتوودا، بۆ لابردنی ئەو تورکمانانەی کە بە هاوکاری یەکەمی کورد خۆی و ئەوجا پشتگیری تورکیا، چۆن کەرامەت و هەناوی لەشی کورد دادەوشێ و خۆێنی لێدەچۆڕێ ؟! ئەو تورکمانانەی کە بە هاوکاری کورد خۆی کە گوایە سیاسەتە، بەڵام لیمغابن لە گیلیات زیاتر شتێکی دی نییە و نابێ، چۆن دەبنە زەرووی قوڕگ و هەناسەمان لێدەبڕن ! ئیدی پاشان، یان شەریکن یانیش شا! یان برابەش دەبن یانیش برای گەورە و خاوەن ماڵ ! بە دووری مەزانن کە تورکمان ماڤیک وەربگرن و کوردانیش بێماف. یانیش داوای مافی بە کوردی پەیڤین لەتورکمانەکان بکەین ! لە کاتێکدا تورکان، لە ئەورووپادا و وەکو کرێکاری مێوان داوای مافەکانیان دەکەن، کەچی دژی داواکانی کوردن و ئەوەیشی باس لە مافی کورد لە تورکیادا بکات ئەوا ترۆریست و گیرەشێوێنە. ئەمە یش تەنیا ڕای نەخوێندەوارو کۆلکە خوێندەوارەکانیان نییە بەڵکوم زۆربەی ڕۆشنبیرو تە نانەت ئەوانەشیان کە نیوەی ژیانیان لە وڵاتێکی ئەورووپادا بەسەر بردووە و چاکیش لە مافی تاک و کەمایەتی تێدەگەن. (ئەمە بەلەبەرچاوگرتنی بڕێکی کەمی تورکی وەکو (ئیسماعیل بێشکچی) کە دەبێژێت : کوردستان کۆتایترین کۆڵۆنییە) و

یان (هەتا تورکان مافی کورد دابین نەکەن، تورک خۆی ئازاد نییە) . بۆیە سزای ٢٠٠ ساڵی بەسەردا دراوە!. وەکو گوتم، تورکان داواو پشتگیری مافی کەمایەتیە تورکزبانەکانی وڵاتانی ناو بولگاریا و هێرتسگۆڤینا و قوبرس و تورکمانەکانی کەرکوک دەکەن، کەچی لە تورکیا خۆیدا کە نیوەی وڵاتەکە کوردستانە، هیچ مافێک بە بیست ملیۆن کورد بە ڕاوا نابینن و نازانن. ئەوەیشمان لە بیرنەچێت کە ئەمریکا بە تایبەتی و ئەوجا ئەوروپایش، لە حاست ئەم زوڵمەی تورکیادا هیچ ڕاو ڕەخنەیەکی ڕاشکاوو کارگەریان نییە، کە جەمسەری ئەو (نا) هەڵوێستەشیان دەگرێتەوە بۆ زۆر هۆی سیاسی و ئابووری و تەکتیکی بازاری ئیمپریالیستی و داگیرکردن، بەڵام بە شێوەیەکی مۆدێرن و نەرمتر!!. واتە، ئێمە هێشتاکە، قوربانی بەرژەوەندییەکانی زلهێز و ناوە نجی هێزین، باشە بۆ دەبێت سروشت ئەم نەفرەتەی لە ئێمە کردبێت و هەموو ناکەس و ناچیزەیەک بتوانێ بەسەرماندا فس بداتەوە؟! ئەی خۆمان بۆچ هێندە پەرش و بڵاو و نایەکگرتووین کە ئەوەی لە فەرهەنگماندا جێی نەکراوەتەوە (یەکگرتن و یەکڕەنگی و یەکدەنگییە، بۆ سەرفرازی نەتەوەیی ؟!"

لێ، وەکو پێشووتر ئاماژەم پێکرد، سووری (چەوی) یەکەی کە ناوی (چەوی تورانی) لیدەنێم، وا خەریکە خۆی بە قوڵایی دیواری ماڵی ئەورووپادا دەکات. وەنەبێت وڵاتان و سیاسەتمەدارانی یەکێتی ئەوروپا (وەکو کن مە!) گیل بن و یانیش خۆ لە گێلی بدەن و پێشبینی کێشەو زیانەکانی نەکەن. هیچ زیادەڕۆییەکمان نەکردووە ئەگەر بڵێیین : زۆربەی وڵاتان و دانیشتوانی ئەوروپا دژی هاتنە ناوەوەی تورکیان بۆ یەکێتی (ماڵی) ئەوروپا. بەڵام دەڵێن : دەکرێ دراوسێییەکی باش بین و هاریکاریش بکرێت. بۆ نمونە کەسایەتییەکی ناوداری جیهانی و سەرۆکی پێشووی فەرەنسا (جاک شیراک) بە ئاشکرا دەڵێت : وەرگرتنی تورکیا لە یەکێتی ئەورووپادا، مانای هەڵوەشاندنەوەی یەکێتی ئەورووپییە. تەنیا کەسێکیش بوو، لەمەڕ ئەو کێشەیەوە وتاری نووسی و باسی لە زیانەکان و ئاکامە خراپەکانەوە کرد و پێویست نەبوونی تورکیا لە یەکێتی ئەورووپیدا. وتیشی : ئەمە تەنیا ڕای من نییە بەڵکوم ئەوەی من دەیزانم ڕاو بۆچونی زۆربەی وڵاتان و کەسایەتییە سیاسییەکانی ئەورووپایە، بەڵام لەبەر چەندان هۆی سیاسی و تەکتیکی ئازایەتی ئەم دەربڕینانەیان نییە!. یان شالیاری کۆن و سیاسەتمەداری ئەڵمانی و ئەندامی لەبەرچاوی سۆشیال دیموکراتەکان، (هێلموت شمیت) بە ئاشکرا دەڵێت : دەرگاکە مەکەنەوە!. زۆربەی سیاسەتمەداران و ئەندامانی پارتە مەسیحیەکانیش، لە ئاکامی خراپی هاتنە ناوەوەی تورکان دەسڵەمێنەوە و دەڵێن : بۆچ لەسەر هاتن یان نەهاتی تورکیا گفت و گۆ دەکرێت؟!.

تەنیا وڵاتێک کە پشتگیری وەرگرتنی ئەورپا لە یەکێتی ئەورووپادا دەکات، ئەمریکایە. ئەمریکا داوا و تکا دەکات کە تورکیا وەربگرن. تەنانەت ڕۆژی وەرگرتنی ١٠ وڵاتەکە، کە لە ناوەڕاستی مانگی دوازدەی ساڵی ٢٠٠٢ دا لە دانیمارک. (جۆرج بوش) تەلەفۆن بۆ سەرۆک وەزیران و بەڕێوەبەری کۆبونەوەکە کرد کە کارئاسانییەک بۆ وەرگرتنی تورکیا بکرێت ! هەمان تەلەفۆنیشی بۆ سەرۆک شالیاری ئەڵمان (شرۆدەر) کردبوو. بەڵام (راسموس) ی سەرۆکوەزیرانی دانیمارک گوتبووی : ئەوە کێشە و ئەرک و بڕیاری ئەوروپا خۆیەتی، تورکیا دەبێت ئەو خاڵانە جێبەجێ بکات کە خۆی لە مافی کەمایەتییەکان و ئازادییە دیموکراتییەکان و باری ئابووری و لەکارخستنی دەستەڵاتی سەربازییدا دەبینێتەوە. گوتیشی : دەبا ئەمریکایش بە داوای ئێمە مەکسیک بخاتە هاوشانی خۆی ! کاری وا دەکات ؟!

ئەورووپییەکان ڕایان وایە، بەڵێ ئاشکرایە کە تورکیا وا نیو سەدەیە ئەندامی چالاکی (ناتۆ) یە و دۆست و خزمەتکاری باش و بەوەفاو گوێڕایەڵی ئەمریکاو و پاشانیش ئەوروپا بووە، بەڵام ئەوە ئەورووپایە کە لەمەڕ هەلومەرجەکانی، سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووری و کولتووری و ئاینییەوە، کێشەی لە تەک تورکیادا هەیە و دەشێت، نەک ئەمریکای دووره دەست !. ئەورووپییەکان بەگشتی ڕایان وایە : ئەگەر تورکیا لە ماوەی دوو ساڵاندا. توانی ئەو خاڵانە جێبەجێ بکات و بەئاوەزی ئەورووپیانە لە کێشەو چارەسەری کەمایەتی و کۆمەڵایەتی و ئازادییە دیموکراتییەکان و ئابووری بڕوانێ و هەنگاوی ئەرێتی بنێ، ئەوا پاش دوو ساڵان، واتە کۆتایی ساڵی ٢٠٠٤، بەڵێن و دێرۆکێک لە داهاتودا بۆ گفت و گۆ لە سەر هاتنە یەکێتی ئەورووپاوە دادەنرێت !!. من پێموایە، وڵاتان و سیاسەتمەدارانی ئەورووپی، باش دەزانن کە جێبەجێکردنی ئەو خاڵانە کارێکی دەگمەنە.

دەستەیەکی دی هەن کە ڕایان وایە : تورکیا بە هیچ جۆرێک، نە وڵاتێکی ئەورووپییە و نە وەکو ئەورووپیش هەڵس و کەوت دەکات. کولتوورو ئاوەزە و سیستەمێکی زۆر لە ئەوروپا جیاوازە. بەڵام دەکرێت وەکو دراوسێیەک، ڕێزی لیگیرێت و هاوکاریش بکرێت.

تورکیاش لە حاست ئەم ڕایەدا، نەک هەر ئەم دەستەی سیهەمە بەڵکو هەموو وڵاتانی یەکێتی ئەوروپا بە یەکێتی و یان کۆمەڵی مەسیحییەکان ناوزەد دەکات. تورکیا بە ڕاشکاوی دەڵێت : ئێمە زۆر لەمێژە لەبەر دەرگای یەکێتی ئەوروپادا دانیشتووین و چاوەڕێی خوڵقی هاتنە ژوورەوەین، زۆریش لە پێش ئەو دە وڵاتانەوەی کە لە کۆتایی ٢٠٠٤ دا دەبنە ئەندامی تەواوی یەکێتی ئەوریا. دەبێت ئیمەیش پەلە بکەین، دەنا، ئەگەر نهاکە دەبێت ١٥ وڵات ڕازی بێت ئەوا پاش ساڵی ٢٠٠٤ و بەرەو ژوورتر، دەبێت ئیمە ڕەزامەندی ٢٥ وڵات بەدەست بێنین ! بەڵێ ! تورکیا ئەو ١٠ وڵاتە تازە وەرگیراوە، بە بەردی سەر ڕێگەی بەرە و کۆشکی بەهەشتی ئەوروپا دەزانێت ! تورکیا وادەزنێ زەوی ئەوروپایش هەمان نەرمەڵانی بێخاوەنی وڵاتی کن خۆمانە، کە بە ئارەزووی خۆی تەراتێنی تێدا بکات !.

دەڵێ، وا خەریکە داواکارییەکانی ئەوروپا جێبەجێ دەکەم،

١) هەڵگرتنی سزای لە سێدارەدان (بەڵام لە حاڵەتی پشێوی ناوچەکەدا نا. کە هەر مەبەستیشی کورد و بزووتنەوەی کوردە. ئەنوەر)

٢) بەڵێ، کورد هەن ! (هەتا نهاکە ئەمیش بە بڕیارو یاسا نەگوتراوە و نەگۆڕاوە، بەوەی یاسای بنەڕەتی تورکیاو ژمارەی ٨، دەڵێ : ئەوەی لە تورکیایە تورکە! گوایە ڕێگر لەبەردەم ئەم کارەدا دەستەڵاتە سەربازییەکەیە کە دەبێت دەستەڵاتی مەدەنی جێی بگرێتەوە.

هەر قسەی جوانە و قسەیش، ناچێتەناوگیرفان (قانون) ەوە ! ـ ئەنوەر)

٣) خۆمان ئامادە دەکەین بۆ پرۆگرامی کوردی، سەرەتا نیو و پاشان کاتژمێرێک لە ڕادیۆو تەلەفیزیۆندا !. (وا زیاد لە دە ساڵە خۆیان ئامادە دەکەن !! ـئەنوەر)

٤) کۆرسی زمانی کوردی. (هەڵبەتە تەنیا کۆرسی فێربونی زمانی کوردی. وەک چۆن کۆرسی زمانی یابانی وەکو ئینگلیزی و فەرەنسی و ئەڵمانی هەن ! ئەمانەیش چەند مەرجێکی ئەو ١٦ مەرجەن بۆ کردنەوەی ئەو کۆرسە. ئا) دەبێت خوێندکار تەمەنی لە نێوان ١٢ـ١٨ ساڵاندا بێت. با) کۆرسەکە دەبێت یان لە کۆتایی هەفتەکاندا بێت یانیش لە ڕۆژانی پشووەکاندا. سێ) مامۆستاکان تورکی کوردی زان بن !!! دێ) ڕازیبوونی دەزگای ئاسایشی وەرگرتبێت. جا وەرەو لە گەڵ هاووڵاتی و سیاسەتمەدارانی ئەوروپاو دیموکراتخوازەکاندا بە ڕیشی (مام تورکیا) پێمەکەنە !. تورکیا پێشەرمانە دەڵێن، ئیمە تەفرەتان دەدەین، چاوبەستتان دەکەین و گاڵتەیش بە ئاوەزەتان دەکەین، ئێوەیش ڕازی بن وخۆتان گێل کەن. ئەمە بە ئەوروپی بونەکەی تورکیایە و دیموکراتی بە (شمشێرەکەی دیموکلیس) تێدەگات ! کە سەرۆکوەزیرانی نوێی تورکیا (ئێردۆگان) لە ٩ـ١٠ ی مانگی دوازدە دا و بۆ چەندەهەمین جار ڕووی گلەیی کردەوە لیژنەی یەکێتی ئەوروپا، (ڕاسمۆس) ی سەرۆکوەزیرانی ئەوروپاو بەڕێوەبەری کۆبوونەوەکان، بە ڕاشکاوی وەڵامیدایەوە : ئێردوگان ڕاست ناکات کە تورکیا لەم کێشەی وەرنەگرتنەدا، نرخی پێنادرێت. بۆیەیش نرخ بۆ قسەکانی ئێردوگان و تورکیا دانادرێت. وەک وترا، کاتێک دێرۆکێک بۆ باس لە وەرگرتنی دادەنرێت کە بەڕاستی و بە کردەوە هەنگاوی بۆ جێبەجێکردنی داواکاری و هەلومەرجەکانی کۆپنهاگن نابێت. نەک هەر لەسەر کاغەز بمێننەوە و بگوترێنەوە. وەکو پێشووتریش ئاماژەم پێکرد، تەنیا سەرکۆماری پێشووی فەرەنسا (جان شیراک) نییە کە هیچ هەلومەرجێکی ئەڕێتی، بۆ وەرگرتنی تورکیا لە یەکێتی ئەوروپادا نابینێت بەڵکوم سەرۆکوەزیران و سیاسەتمەداری ناوداری ئەڵمانیاش (هێلموت شمیت) دژە و دەڵێت : دەرگا مەکەنەوە. چونکەی بە وەرگرتنی تورکیا، بازاڕو سیاسەتی دەرەوەی ئەڵمانیا، دەکەوێتە مەترسییەوە. هاتنی تورکێکی زۆر بۆ ئێرەکانە دەست پێدەکات کە پاشانیش ڕێگا ئاسانییەکە بۆ وەرگرتنی وڵاتانی تری موسڵمان و دراوسێ. ڕۆژنامەی فرانکفۆرتە ئەلگەماین ڕۆژی ١١ـ١٢ ٢٠٠٢. سیاسەتمەدارێکی ناوداری دی ئەڵمانی (ڕۆناڵد کۆخ) ڕای وایە: وەرگرتنی تورکیا، ڕێگە لە گەشەکردنی وڵاتانی ئەوروپی دەگرێت. زۆربەی سیاسەتمەداران و هاووڵاتی وڵاتانی ئەوروپی هەمان ڕایان هەیە، بۆ پاساوی ئەم دژایەتیەشیان دەڵێن:

دەکرێت کە چۆن پاش شەڕی جیهانی دووەم، پلانی مارشاڵ یارمەتی ئابووری ئەڵمانی دا بۆ خۆ تەیارو گەشە کردن و لەسەر قاچی خۆ وەستانەوە، ئاوهایش دەشێ کە بە پلانێکی ئابووری، یارمەتی تورکیا بدرێت. وەکو دراوسێیەکی باش مامەڵەی لە تەکدا بکرێت و لە هەوڵی ئەوەیشدا بین کە بتوانێ خاڵە گرنگەکانی مافی مرۆڤ، مافی کەمایەتی و ئازادییە دیموکراتییەکان جێبەجێ بکات. نەک

بەوەی لەسەر مافی چەند سەد هەزار تورکی دورگەی قوبرسی داگیرکراو پێدادەگرێت کەچی ئینکاری مافی سیاسی و نەتەوەیی ٢٠ میلیۆن کورد دەکات. خەڵکی زۆر ئاسایی دەڵێن : ئەگەر تورکیا هەنگاو بەرەو دیموکراتی و مافی کەمایەتی و ئازادییەکانی تاک دەنێ. چۆنە لەساڵی ٩٤ ەوە چوار پەرلەمێنتاری کورد بەندن و ئازاد نابن؟! یان، خەڵکی بۆچونی وایان هەیە، ئەگەر ڕەوی تورکان بۆ بەهەشتی ئەورووپا دەست پێبکات. ئەوا مەترسی ئەوەی لیدەکرێت کە لەسی چل ساڵی داهاتوودا (حەتمەن کە تورک زۆرتر دەبن ـ کوردیشی تێدایە! ـ) ئەوجا لە جێیەکی ئەڵمانیادا خۆیان مۆڵ دەدەن و داوای ئۆتۆنۆمی دەکەن!! بەڵێ، تورکیا لە کاتێکدا بە فیدراڵبونی قوبرس لە گەڵ یۆنانییەکان ڕازی نییە و بەکەم و خەدرو پاشقول لیگرتنی دەزانێت کەچی پێشەرمانەو لەبەرچاوی جیهاندا دژی بە فیدراڵ بوونی وڵاتی عێراقە لە عارەب و کورد. هەڕەشەی لەشکرکێشی و داگیرکردنی کەرکوک و موسڵ و کوردستان دەکات، فرمێسکی تیمساحیانە بۆ ئەو چەند سەد هەزار (تورکمێن ـ لەسەر وەزنی ـوایەرمێن، وشەکە ئینگلیزییە و ئینگلیز بە باڵای ئەو کوردانەیدا بڕی کە خزمەتکار و بەردەست و کار بە ڕێوەبەری توکانی عوسمانی بوون. سا ئەگەر بڕێک تورکزبانیش وەکو دەستەڵاتداری عوسمانی هاتبنە کوردستان) دەڕێژێت کە بە هاوکاری یارمەتی کورد خۆی لە پێشدا و پاشان تورکیا، وا وەکو (زەرو) لە دانانی گەرادان بۆ تەشەنە کردن و پیسکردنی کۆمەڵگای کوردەواری. هێشتاکەیش من دژی ئەوەی نیم کە ئەگەر تورکمان هەن و یان ئاشووری، ئەوا مافەکانیان لە کوردستانی ئازاددا دەستەبەر بکرێن، نەک بە زۆرکردنی ژمارەیان لە کوردانی برسی و ترساوو چڵکاوخۆروشانخوارە خۆفرۆشەکان، لیمان ببنە برابەش و خودانەخواستە خاوەن ماڵ!.

چونە ناو یەکێتی ئەورووپا بۆ تورکان وەکو چونە ناو بەهەشتی کافڕی زەندیقە! دەورێکی هێجگار گرنگی نەتەوەیی و پاشان ئابووری دەبێت. تورکیا لەساڵانی ٩٣ ەوە، بۆ خۆ تەیارکردنی بەرە و ئەورووپا، سالی ٦٠٠ میلیۆن یۆرۆ وەردەگرێت. بۆیە باشدەزانن کە بە وەرگرتنی لەو یەکێتییەدا، تورکیا دەبێتە (سواڵکەرێکی زەنگین) ، هەربۆیەش ئاگری ئەو سواڵکەرزەنگینییە، هۆشی لیبڕیووە و گەرکییە بێ هیچ پاداشتێک بە کۆمەڵگای پێشکەوتوو و دیموکڕاتەکان و تە نیا بە ڕاکێشانی هەستی بەزەیی، خۆی تیخزێنی. وەرگرتنی ئەو دە وڵاتانە و هاوکاریان هەتا ساڵی ٢٠٠٦ لەسەر وڵاتانی ئەورووپا زیاد لە ٤٢ میلیۆن یۆرۆیە. پاشانیش بە ٩٠٠ میلیۆن ئەو یارمەتیە بەسەر دەکرێتەوە. پسپۆڕانی ئەورووپا لیکۆڵینەوەیان کردووە کە ئەگەر تورکیا ئەندامی یەکێتی ئەورووپا بێت، ئەوا تا ساڵی ٢٠٢٥ بە تەنیا دانیشتوانەکەی بە ڕێژەی ێیزیکەی ١٦ لە سەدزیاد دەبێت. ئەمە لە کاتێکدا تەنیا تورکیا چڕی دانیشتوان و مەسرەفی زیاد دەبێت و وڵاتەکانی دی ڕێژەی دانیشتوانیان ڕوولە کزی دەکات.

ئەم خاڵەیش کە ئەورووپییەکان لەبەر چاوی دەگرن، لەبەرژەوەندی تورکیادا دەبێت لە کاتی ڕا داندا لەسەر کێشەکان. چونکەی ڕێژەی ئەندام و ڕا دانیش، بە پێی ڕێژەی دانیشتوانی هەر وڵاتێکە. بە کورتی و کرمانجی ئەورووپا دەترسن لەوەی لە چارەکە سەدە و یان نیو سەدەدا، ئەم سواڵکەرە زەنگینەی کە ناوی تورکیایە و گزیری دڵسۆزی ئەمریکایە و خۆشیان بەخێوی بکەن، ببێتە خاوەن بڕیاری سیاسی و بەسەریاندا بگوڕێنێ. ئەورووپا دەیانەوێت بەر بە مێژووی هاتن و داگیرکردن و برابەشی و یان بە خاوەن ماڵ بوون لە تورک و تورانی بگرن !. ئەوان وەکو کورد، ترسیان لە کەسێکی دی نییە، بەرژەوەندی نەتەوەیی و ئابووری خۆیان لەبەرچاو دەگرن. کورتبین نین و بەڵا بۆ خۆیان دروست ناکەن !. پەیامی کۆتایی کۆبوونەوەی ٢٥ وڵاتەکەی یەکێتی ئەورووپی لە کۆپنهاگن، لە ١٤/١٢/ ٢٠٠٢ دا، دەڵێ : هیواو داخوازیمان ئەوەیە کە ئەورووپا بکەینە قاڕەیەکی دیموکرات و ئازادی و ئاشتیخوازی و هەنگاو بۆ ئەوانە هەڵبێنینەوە. دەی مەگەر تورکیا ئامادەی سەقامگیربونی وەها ئیزو بۆچوێکە ؟!

خاڵێکی گرنگی ئەم کێشەیەی تورکیا، لە وەرگرتن یان وەرنەگرتنی، دەگەڕێتەوە بۆ هەڵەیەکی سیاسی لە ٨/ ٨/ ١٩٤٩ دا کە تورکیا بە ئەندامی دەستەی ئەورووپا وەرگیراوە. هیچ جێی گومان ناهێڵێتەوە. کە هەر ئەو کاتەیش زەختی ئەمریاکا بووبێ بەسەر ئەورووپای بریندارو ماندوو و شەکەتی شەڕی جیهانی دووەم. کە ئەمریکا بە یارمەتییەکانی بۆ ئەورووپاو بەتایبەت، پلانی مارڕشاڵ بۆ ئەڵمانیا، چاوبەرەو ژێری کردبن !. شتێکی دیش بگوترێت، ئەمریکا تەنیا لە هێزو توانای یەکێتی ئەورووپی و ئابوورییەکەی و ئەوجا دروست بوونی (یۆرۆ) لە بەرامبەر (دۆلار) دا نیگەران و ناڕەحەتە و لە بازاڕی جیهانیدا برابەشی ناخوازێ، بۆیە هەمیشە لەهەوڵی کێشە

دروست کردندایە، لە ئەورووپادا. ئەوەتا ئەمریکا، بێ لەبەرچاوگرتنی مافی کەمایەتی و ئازادییە سیاسییەکان و دیموکراتی و ئازادیەکانی تاک لە تورکیادا، تە نگی بە ئەورووپا هەڵچنیوە کە هەر دەبێت، چاوێک لە حاست کەم و کورتیەکانی تورکیادا بنوقێن و وەریبگرن!!.

بە پێویستی دەزانم کە کرۆنۆلۆژیەکی درێژەی، وەرگرتنی تورکیا لە دەستەی ئەورووپادا بخەینە بەر چاو کە دەگێڕێتەوە بۆ ساڵانی ٥٧ و ٥٩ و پاشتر.

- ١٩٦٣/٩/١٢ پەیماننامەیەکی ئابووری لە نێوان تورکیاو وڵاتانی هاوبەشی ئابووریدا دەبەسترێت کە لە ١. ١٢. ٦٤ دا سەقامگیر دەبێت. بەڵام تورکیا وادەزانێت بۆتە ئەندام.

- ٧٠/١١/١٣ دا ئەو ڕێکەوتن و لیکنزیک بوونەوەیە، دەبێتە پەیمانی هاوئاسانی گومرگی. بەڵام کە لە ٨٠/٩/١٢ دا کودەتای سەربازی ڕوودەدات، پەیوەندییەکە لە گەڵ ئەورووپادا خراپ دەبێت.

- ٨٧/٤/١٤ تو رکیا داوای بە ئەندام بوونی تەواوەتی دەکات، بەڵام ڕەتدەکرێتەوە. چونکەی بە پێی بڕیارەکان، هێشتاکە تورکیا، بۆ بوون بە ئەندامی نەڕەخسیووە.

- ٨٩/١٢/١٨ دەستەی ئەورووپا، بەئەندام بوونی تورکیا جارێکی دیش ڕەتدەکاتەوە. ئەویش بە بیانووی باری خراپیی سیاسی و ئابوورییەوە.

- ٠١/٠١/ ٩٦ تورکیا بە بوون بە ئەندام بوونی لە یەکیتی گومرگیدا، بە هە گاوی بوون بە ئەندامبوونی لە یەکیتی ئەورووپادا دەزانێ.

- ٩٦/٣/٤ لە کۆبوونەوەی شەش وڵاتەکەی یەکیتی ئەورووپادا، سکرتێری پارتی گەلی ئەورووپا (مارتین) دەڵێت : ناکرێت کە تورکیا بەئەندام وەربگیرێت، گوایە سەرۆکوەزیرانی ئەڵمانیا (هێلمۆت کۆڵ) وتبێتی : ناکرێ کە تورکیا سەر بە ئەورووپای پێشکەوتوو بێت !.

- ٩٧/٤/٢٩ ئەگەری بوون بە ئەندامبوونی تورکیا ڕادەگەیەنرێت.

- ٣_٩٩/٦/٤ لە شاری کۆلن، لیپرساوی دەستەی ئەورووپا (شرۆدەر) دەڵێت : دەکرێت کە بەڵێنی بوون بە ئەندامبوونی تورکیا بدرێت، بەڵام لە لایەن زۆربەی وڵاتە ئەورووپییەکانەوە ڕەتدەکرێتەوە.

- ١٠_٩٩/١١/١١ لە شاری هێلسینکی فینلند، گوایە بوون بە ئەندامبوونی تورکیا بخرێتە بەر باس. بەڵام سەرۆکوەزیرانی ئەوسای تورکیا (بوڵند ئەجەوید) دان بەوەدا دەنێ کە: تورکیا لە ڕووی سیاسی و ئابوورییشەوە ئەو ئامادەییەی نییە.

- ٢٠٠٢/١١/٨ سەرۆکی بەشی ڕیفۆرم لە یەکیتی ئەورووپادا، (ژیسکاردستان — کۆنە سەرکۆماری فەرەنسە) ، لەهەمبەر وەرگرتنی تورکیاوە دەڵێ : تورکیا وڵاتێکی ئەورووپی نییە، وەرگرتنیشی دەبێتە کۆتایی هاتنی یەکیتی ئەورووپا.

- ٢٠٠٢/١٢/١٠ لیپرساوی لیژنەی ئەورووپی یەکیتی ئەورووپا، (پرۆدی - ئیتالییە) ، لە کاتی کۆبوونەوە بۆ وەرگرتنی ئەو ١٠ وڵاتە نوێیەدا (ئیستلاند، لیتلاند، لیتاون، ماڵتا، پۆڵن، سلۆڤاکای، سلۆڤینین، چیکای، هەنگاریا، قوبرس) داوا لە لیپرسراوانی یەکیتی ئەورووپا دەکات کە : ڕێگاخۆشە بۆ تورکیا مەکەن و بەڵێنیشی پێمەدەن. ئەم داوایەشی بۆیە کرد، چونکەی لە ساتی کۆبوونەوەکاندا، سەرۆکوەزیری نوێی هەڵبژێردراوی تورکیا (ئۆردوگان) چووبووە ئەمریکاو (جۆرجبوش پێی وتبوو : ئێمە لە پاڵتاین بۆ سەقامگیربوونی داواکانتان کە ببنە ئەندامی یەکیتی ئەورووپا.

زۆربە پوختی، ئەگەرچی زەختی ئەمریکا لەسەر ئەورووپا زۆر بە زەقی دیارە، بەڵام هەتا نهاکە وڵاتانی ئەورووپی یەک وەڵامی هاوبەشیان هەیە : وەرگرتنی ئەورووپا لە یەکیتی ئەورووپادا کێشەی ئەورووپا خۆیەتی. ئەگەری وەرگرتنیشی، پەیوەند بە کردارکردنی مافەکانی مرۆڤ و کەمایەتی و دیموکراتی و کەسایەتی و باشی گوزەرانی ئابوورییەوەیە. لای ئەورووپییەکان زۆر ڕوونە کە بە وەرگرتنی تورکیا لە یەکیتی ئەورووپادا، ڕەوی تورکان بۆ ئەورووپا دەست پێدەکات کە ئەمەیش بەرەبەرە و لە چارەکە سەدە و یان نیو

سەدەی دیدا، لە ڕووی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووری و کێشە کۆمەڵایەتیەکانەوە، بە زیانی خۆیان دەکەوێتەوە و بە سوودی تورکیا دەبێت. ئەورووپایش هیچ ئامادە نییە، مردن (تۆپین!) ی خۆی لە دۆشینی خۆیدا ببیێتەوە ! وەکو هەندێکیان دەڵێن : ئەورووپی بوون تەنیا ئەوە نییە کە پارچە زەوییەکت بە ئەورووپاوە لکا بێت، کە ئەویش (کۆنستەنتینۆپۆلیس) داگیرکراوی گریک بێت و کراێیتە (ئیستەنبول) بەڵکوم ئەورووپی بوون : تایبەتمەندی خۆی هەیە کە زەوی و زمان و کولتوور و خووخدە و ئاوەزە وئیمانە بە ماف و بنەما دیموکراتییەکان و ئازادیەکان لە هەمبەر کەسانی دیدا !.

بەڵێ : ئەورووپییەکان بە لەبەرچاوگرتنی مێژووی تورانی وتورک کە خۆتیخزان و پاشان برابەشی و بوون بە خاوەنماڵ بوونە، لە ێستاوە ڕێگە لە سووری ئەو (چەوی) ە دەگرن بەرەو ناخیان، چونکەی پاشان دەرکردنەوەی ئەو چەوییە لە لەشی ئەورووپادا، هەروا هاسان نائێیت و هەناوو ناخی ئەورووپییەکان زامدار دەکات و ئەگەری خۆنبەردان و خوێن ڕشتنی لێدەکرێت !

www.kurdistannet.org کوردستان نێت